جەبار سابیر




## ئەو نەوتە نەوتی خەڵکە نەک حکومەت!

نیو سەدەی خوێنی گەنجی ئەم کوردە لەپێناوی کەرکوکدا دەڕژێ و کەچی ئێستاش ئەو ماڵەی کە چواری شەهید بووە لەهەموو کەس زیاتر سەرمای دەبێت، ئێ ئەوە شۆڕشی کورد لەچارەی نوسیوە کەدەبێت ئەو ماڵەی شەهیدی زۆربوو سەرماو گەرمای زۆریش لێیبدات و تادەشمرێ لەژێر خێمەی رزیوو خانووی بێ دەرگاو پەنجەرەو ئاودەست ئاسادا بژی. پازدە ساڵە حوکمرانی دەکەن و ئێستایش پێیان شەرمنییە بڵێن ساواین، باشە گەر کەرکوک نەوتی تێدانەبوو، ئەتانزانی ئێستا خەڵک بێ نەوت دەبێ بۆچی خەڵکتان لەسەر بەکوشتداو دوو ئاشبەتاڵ و چەند کوڕەوکتان تووشی ئەم خەڵکە کرد.؟ هەموو دنیا چاوی لەسەر کەرکوکەو خەڵکی کوردیش زەقەی چاوی دێ بۆ لیترێک نەوت. ئەمە لەمریشکەکەی کابرا دەچێت کە لەماڵی دراوسێکەیان هێلکەی دەکردو بۆ ریقنەکردنیش دەچووەوە ماڵی کابرا، کاتێکیش کەهەواڵی مریشکەکەیان لێدەپرسی، دەیوت وەڵلا بڵێم چی مامرەکەی من هێلکەی بۆ خەڵکەو ریقنەشی لۆمن. نەوتەکەی ئێمەیش وایلێهاتووە، ئێمە خوێنی بۆ دەرژێن خەڵک بەرهەمەکەی دەبات.

پێش رووخانی بەعس و کەڵەگاکەی حکومەتی کوردی هەنجەتەکەی ئەوەبوو دەیوت هەموو دنیا دوژمنمانەو بەعسیش دەستی لەبین ناوین و لێناگەڕێ نەوت بێنین، کەچی دەیان کەسیش بەهێنانی نەوت لەکەرکوکەوە بۆ تەواوی شارەکانی هەرێم و بەگران فرۆشتنی بەهاوڵاتیان بوونە فیرعەون ئەوەندەیان سەروەت و سامان پێکەوەنا، کەسیش لەوە تێنەگەیشت بۆ دەوڵەمەندێک بتوانێ نەوت بێنێ کەچی حکومەتێک نەتوانێ نەوت بێنێ، ئەوەبوو خەڵک (دە) زستانی پڕ سەرماو سۆڵەی تێپەڕاندو حکومەتی کوردیش هەر وەک جاران بیردەکاتەوەو تۆزقاڵێک لەبیرکردنەوەکانی خۆی نەگۆڕیوە. ئێستایش هەر دەڵێ ساواین و دنیا دوژمنی ئەزموونەکەمانەو تیرۆرستانیش تانکەرەکان دەسوتێنن و شۆفێرەکان سەردەبڕن، لەملایشەوە دەیان بەرپرسی حزبی و حکومی بەنەوتی کەرکوک خەنی بوون.

سەرباری هەموو ئەوانەش چەند رۆژێکە حکومەتی هەرێم لەکەناڵە لۆکاڵی و ئاسمانییەکانییەوە بانگەشەی ئەوە دەکات کە بەهەزار فەلاکەت و دەردەسەری نەوتی بۆ هاوڵاتیان پەیدا کردووەو ناهێڵێ ئەم زستانە سەرمایان بێت، لەکاتێکدا خەڵک چوار بەرمیل نەوت دەسوتێنێ و حکومەتیش یەک بەرمیل دەدات. دواتر ئەوەش بزانن ئەو نەوتە حکومەتی هەرێم لەنیکاراگواو ڤەنزویلاوە نەیهێناوەو نەوتی کەرکوکەو نەوتی کەرکویش نەوتی خەڵکەو دەبوو بەبۆری بچوایەتە ماڵەکانەوە، نەک ساڵی یەک بەرمیل و دوای چوار مانگ چاوەڕوانی و بەبیست و پێنج هەزار دیناریش بیدرێتێ. ئەو هەموو خەڵکەیان لەسەر ئەو نەوتە بەکوشتداو ئێستایش بەرمیلی بەسەدو حەفتا دیناری سویسری بەخەڵک دەفرۆشنەوە. کەڵەگاکەی بەعسیش دەیوت دەبێ بۆ کەرکوک بگرین و هاوکات بەرمیلێ نەوتیشی بەحەوت دینار دەدایە خەڵک واتا هەزار دیناری ئەورۆکە. ئەمە بەراوردی سەدام و دەسەڵاتی کوردی نییە، بەڵام واقعێکەو دەکرێ لێی رابمێنین، ئەو دوژمنی گەورەمان بوو، ئێوەش خاوەن و سەرداری ئێمە، مانای چی بەو جۆرە خزمەتی خەڵک دەکەن.؟ کەی بیر لەوە دەکەنەوە لەئاستی ئەوئەرکەی خۆتاندابن.؟

Jabardllopa@yahoo.com

بەهرە عەلی:

# مەحاڵە مرۆڤێک هەبێ لەسەر رووی زەمین عاشق نەبێ



پ/ لەنێو دنیای شیعردا هەستت بەئاسودەیی کردووە؟

و/ لەنێو دنیای شیعردا هەست بەئاسودەییەکی زۆر دەکەم ئەوکاتەی بەهرە عەلی لەگەڵ هەستەکانیدا لە قەسیدەیەکدا دەچێتە سەربالی پەروانەیەک و بەرەو دونیایی جاویدانی هەست و مرۆڤایەتی و خۆشەویستی سەفەر دەکات ئەوکاتەش کە دەگەڕێمەوە لەو سەفەرە قەسیدەکە لەنووسین کۆتایی دێت زۆر ئاسودە دەبم، زۆر دڵخۆشم کاتێ کە وشە ناسکەکانم هەموو هەستەکانی ژیان دەرەنگێنن لەدەقێکدا. بەڵام هەمیشە دڵتەنگ دەبم بەبوونی کەسانێک کەخۆیان لەنێو دنیای شیعریدان (بەحساب)، بەڵام هیچ هەستێکی جوانیان نیەو فەزای شیعریش لەبەر چاوت دەشێوێنن.

پ/ لای بەهرە عەلی کاتێکی دیاریکراو هەیە بۆ نوسینی شیعر؟

و/ کاتێکی دیاریکراو نیە لای من بۆ نووسینی دەقێکی شیعری، چونکە شیعر خۆی هەستە(ئەحساس)ە، کەواتە هیچ هەستێک پێویستی بەبوونی کاتێکی دیاریکراو نیە بۆ نووسینەوە خۆی لەپڕێکدا دەکات بەواقیع و دەبێ تۆش بینووسیتەوە.. ئەو وەکو میوانی ناوەخت وایە کاتی بۆ نیە، بەڵام هەمیشە میوانێکی ئازیزو خۆشەویستە.

پ/ تاچەند توانیوتە ئەوەی لەناختایە لەرێگەی شیعرەوە دەری ببڕی؟

و/ هەمیشە من بۆ ڕاستی دەنووسم، هەستەکانیشم هەموویان ڕاستن، کەواتە هەمیشە لەناخمەوە دەنووسم، ئەگەر ئەو هەستەی لەناخیشمدایە هەستێکی تاڕادەیەک نامۆ و ئازار بەخش بێ، من دواجار دەیکەم بەنووسین و لەڕێگەی شیعرەوە دەری دەبڕم.

پ/ دەتەوێ لەڕێگەی شیعرەوە چ پەیامێک بگەینیت؟

و/ کەسێکی زۆر جدیم و هەمیشەش حەزم لەڕاستی بووە، دەمەوێ لەڕێگەی شیعرەوە پەیامی ڕاستگۆیی بگەینمە خەڵک، چونکە ئێمە کۆمەڵگەیەکین تاڕادەیەکی زۆر زۆر ڕاستیمان لێ ونەو لەسەر درۆ ڕاهاتووین بەڵام خەڵکی دەبێ فێری ڕاستی بن و ئەمەش بزانن کە ڕاستی ناسووتێ ئەگەر لەنێو ئاگریشدا بێ.

پ/ هەموو شاعیرێک عاشقە؟

و/ هەموو شاعیرێک لای من عاشقە، چونکە پێش ئەوەی شاعیر بێ مرۆڤە، مرۆڤیش بەدەرنیە لەهەست، کاتێکیش کە هەستمان هەبوو، حەتمەن هەستەکان جۆراو جۆردەبن وەک (عەشق، خۆشەویستی، ئازار، شەڕانگێزی، ...هتد.) مومکین نیە مرۆڤێک هەبێ لەسەر ڕووی ئەم زەمینەو عاشق نەبێ یاخود عاشق نەبووبێ یان خۆشەویستی نەکردبێ، گەر هەر کەسێکیش وابڵێ..ئەوا درۆ لەگەڵ خۆی و کۆمەڵگەیدا دەکات، بەڵام بەلای منەوە زۆر سەیرە کەسانێک هەن بەشانازییەوە باس لەوە دەکەن کەگوایە تائەم تەمەنەیان خۆشەویستیان نەکردووە ئەمە دەکەن بەشانازی نازانن کەئەمە دەگەڕێتەوە بۆ تەواو کامڵ نەبوونی خۆیان، چونکە بەڵگە هەیە بۆ ئەوەی کەمرۆڤ هەر لەسەرەتای لەدایک بوونیەوە فێری عەشق دەبێ و خۆشەویستی دەکات. یەکەم عەشق و خۆشەویستیش کە مرۆڤ دەیکات کە جوانترینیانە، ئەوەیە کەمرۆڤ عاشقی دایکی دەبێت لەقۆناغی منداڵیدا.. دواتر ئەم عەشق و خۆشەویستیە لەگەڵ مرۆڤدا گەورە دەبێ و لەتەمەنە جیاوازەکاندا ئەویش دەگۆڕێ و جیاواز دەبێ کەواتە نەک تەنها شاعیر بگرە هەموو مرۆڤەکان..... عاشقن.

**ئا: رۆژگار موحسین**

# مانگانە ٥٣ دۆلار بۆ سمێڵی تەرخان دەکات



حاجی فەتحی ئەحمەد مەحمود سەرۆکی کۆمەڵەی سمێڵدارانی میسر هەفتەی رابردوو بەبۆنەی ساڵرۆژی لە دایکبوونیەوە لە ماڵەکەی خۆیدا ئاهەنگێکی خنجیلانەی سازکرد، هەروەها بە نیازە رۆژی ٢١-١٢-٢٠٠٦ بەبۆنەی سی و یەکەمین ساڵرۆژی سمێڵە زلەکەیەوە ئاهەنگێکی دیکە ساز بکات. ناوبراو شۆفێری تاکسیە، ساڵی ١٩٨٥ لە پێشبڕکێی سمێڵزلانی میسردا بەشداری کردو بەیەکەم دەرچوو، ئێستاش ئەگەر ئەو لەهەر کێبەرکێیەکدا بەشداری بکات، سمێڵزلەکانی دیکە پاشەکشە دەکەن و ئەو دەیباتەوە.

وێڕای ئەوەی میسر وڵاتێکی هەژارەو خودی حاجی فەتحیش شۆفێری تاکسیەو کەمدەرامەتە، کەچی مانگانە ٥٣ دۆلار لە خزمەتکردنی سمێڵیدا سەرف دەکات. ناوبراو شەوانە بەر لە نووستن بە ئاو و سابوون سمێڵی دەیشوات، دواتر وشکی دەکاتەوەو بە رۆن چەوری دەکات، پاشان جارێکی دیکە بە شامپۆ دەیشواتەوە. بەو هۆیەوە مانگانە ٣٠٠ جەنەیهی میسری کە دەکاتە ٥٣ دۆلاری ئەمریکی سەرف دەکات، ئەمەش بەبەراورد لەگەڵ داهاتی تاکەکانی کۆمەڵگەکەیدا رێژەیەکی بەرزە.

# کۆشکێک لە لووتکەی کێودا



نجیرە کۆشکێکی جوان و رازاوە لەسەر کێوی هواشان هەڵکەوتوو لە باشووری پارێزگای هواینی هەرێمی شەنشی وڵاتی چین دروست کراوە کە سەرنجی گەشتیاران بەلای خۆیەوە رادەکێشێ. وێڕای ئەوەی کێوەکە ١٩٩٧ مەتر بەرزە کەچی بەجوانترین شێوە ریزە کۆشکێکی لەسەر دروست کراوە، ئەمەش هونەری چینەیەکان و خۆشەویستی ئەوان بۆ خاک و نیشتمان پێشان دەدات.

لەم وێنەیەدا کۆشکێکی سەرنجڕاکێش لەسەر لووتکەی شاخەکەدا دەبینی کە گەشتیارانی بیانی بە تاسەوە رێچکەیان بەستووەو بۆی هەڵدەگەڕێن .

# عەرەبێک کچێکی خۆی مارە دەکات!



سەرچاوەکانی هەواڵی هیندستان ئاشکرایان کرد کە عەرەبێکی موسڵمان ٢٠ ساڵ لەمەوپێش سەردانی هیندستانی کردووە، لەوێ ژنێکی کاتی مارە کردووە، کاتێ زانیویەتی ژنەکەی باردارە رایکردووەو بۆ وڵاتەکەی خۆی گەڕاوەتەوە، ئەمساڵ جارێکی دیکە سەردانی هیندستانی کردووەو لە گەڵ کچێکی ٢٠ ساڵانە بە کاتی هاوسەرێتی پێکهێناوە، دواتر دەرکەوتووە کە کچەکەی خۆیەتی، واتە بەرهەمی ئەو ژیانە هاوبەشەیە کە ٢٠ ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ ژنێکی هیندستان پێکیهێنابوو، ئەمەش ئاوڕووچوونێکی گەورەی بۆ عەرەب و موسڵمانان دروست کردووە.

بەگوێرەی هەواڵەکان ساڵانە هەزاران عەرەبی پارەداری بەساڵاچوو دەچنە وڵاتی هیندستان و بەکاتی ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵ کچانی کەم تەمەنی بنەماڵە موسڵمانە هەژارەکانی ئەو وڵاتە پێکدەهێنن، ئەو عەرەبانە درۆ لەگەڵ ژنەکانیان دەکەن، بە هەڵە ناونیشانی خۆیانیان پێدەدەن، دوای تەواوبوونی سەفەرەکەیان بە دزیەوە دەگەڕێنەوەو کارەساتی جۆراوجۆریش بۆ ژنەکانیان جێ دەهێڵن.

## خاڵۆ ئەواکس دەڵێ

*__ئۆتۆمۆبیلێکی__ هاتوچۆ ژمارە سەدو شتێک ( ژمارەکەی لەلام پارێزراوە) لەنێوەڕاستی شەقامی نێوان شەست مەتری و سی مەتری شاری هەولێر لە نزیک فلکەی عەنکاوە راوەستا بوو، بۆخۆی قسەی لەگەڵ ناسیاوێکدا دەکرد، بەو هۆیەوە قەڵەباڵغیەکی زۆری دروست کردبوو، واباوە پۆلیسی هاتوچۆ سزای ئەو شۆفێرانە دەدات کە سەرپێچی دەکەن، ئەی کێ سزای ئەو برادەرە دەدات ؟!

*__هەندێ__ لە بەرپرسەکان لە کۆمپانیا و ڤیلا و مۆنیکا بێزارن، ئێستا بەدوای ئۆتۆمۆبیلی گوللە نەبڕ دەگەڕێن، لەم رۆژانە بەرپرسێک ئۆتۆمۆبیلێکی گوللە نەبڕی بە ١٨ دەفتەر کڕیوە، یەکێکی دیکەش دانەیەکی بە ٩ دەفتەر کڕیوە!!، یەکێکی دیکەیان گوتبووی : من لە رکی فلان ئامادەم ٤٠ دەفتەر دۆلار بە سەیارەی گوللەنەبڕ بدەم!!

*__نیسانێکی__ دەبل کابینەی سەر بە کشتوکاڵ کە ژمارەکەی سێ سەدو حەفتاو هەندێک بوو ( ژمارەکەی لەلام پارێزراوە) کاتژمێر ١٨,٤٥ خولەکی رۆژی ٣٠-١١-٢٠٠٦ لە پیرمامەوە بۆ هەولێر دەڕۆیشت، هەندێ نەمامی بارکردبوو، نازانم کاری فەرمانگەکەی دەکرد یان بۆ کەسێکی دیکە!!

*__بەرپرسێک__ گوتبووی : ئەو بەرپرسەی دزی نەکات و لەم وەرزی دروێنەیەدا پارە کۆنەکاتەوە واتای ئەوەیە بە کەلک بەرپرسیاری نایەت، هەقە شار بەدەر بکرێ !!


ROJI GEL

Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK

Mob:07701398499 07301191497

ناونیشان: سلێمانی- یانەی قەڵەم سابونکەران، بینای هەورامان نهۆمی سێیەم. ٠٧٣٠١١١٣٠٦١

پێگەی ئینتەرنێتی

www.rpk93.org

پۆستی ئەلیکترۆنی

info@rpk93.org

rpk93@hotmail.com